## له چالاکیه‌کانی نوێنه‌رایه‌تی کۆنگره‌ی ئازادی عێراق له سویسرا

ئێواره‌ی ڕۆژی 19.01.2007 له شاری ستگاڵن له بنکه‌ی گابی کۆڕێک بۆ سه‌ردار حامید ئه‌ندامیی نوێنه‌رایه‌تی کۆنگره‌ی ئا زادی عێراق له سویسرا سازکرا ، سه‌ره‌تای کۆڕه‌که له‌لایه‌ن (ئه نتۆنێله) هه ڵسوڕاوی گابی به‌خێرهاتنی ئاماده‌بووان کرا . دواتر له‌لایه‌ن سه ردارحامد، باسی ژیانی خه ڵکی عیراق پاش شه ر و کوشتنی هه رۆژه ی خه ڵک له لایه ن هێزه داگیرکه ره کانی ئه مریکاو گروپه تیرۆرسته کانه وه‌کرا .

هه روه ها دابه شکردنی کۆمه ڵگای عێراق له‌سه‌ر بنه‌مای نه‌ته‌وه‌ی وئاینی به‌کارێکی ناڕوادایه قه ڵه م شکستی یه ک له دوای یه کی ئه مریکا له عێراق وشه ڕی کۆنه په رستانه ی مه زهه بی شیعه و سونه و تێوه گلانی خه ڵکی کوردستان له وشه ره به ناردنی هێزی پێشمه‌رگه بۆ خواروی عێراق بۆ ئاماده بوان ڕونکرده وه ڕێگه چاره ی کۆنگره ی ئازادی عێراق بۆ کۆتایهێنان به داگیرکاری له دامه زراندنی ده وڵه‌تێکی نه نه‌ته‌وه‌یی نه ئاینی دووپاتکرده‌وه، هه‌روه‌ها سه ردارحامید دوای له ئاماده‌بوان کرد که هاوپشتی و هاوکاری کۆنگره‌ی ئازادی عێراق بکه‌ن ، راگه‌یاندنی دامه‌زراندنی نوێنه‌رایه‌تی کۆنگره‌ی ئازادی عێراق له سویسرا به سه‌رئاماده‌بواندا دابه‌شکرا ،که جێی ڕه‌زامه‌ندیان بوو.

به‌شی دووه‌می کۆڕه‌که‌پێک هاتبو له‌نیشاندانی فلمێک له‌کارو چالا کێکانی کۆنگره‌و ئه‌و کۆنگره‌نێونه‌ته‌وه‌یانه‌ی که بۆهاوپشتی له‌خه‌لکی عێراق و به‌ره‌ی مۆدێرن به‌ستراون که ئه مرۆ کۆنگره‌ی ئازادی عیراق ڕابه‌رایه‌تی ده‌کات .به‌شی کۆتای به‌رنامه‌کان تایبه‌ت بو به‌پرسیارو گفتوگۆی ئاماده‌بووان ، شایه‌نی باسه ڕاگه‌یاندنی ئه‌م ئێواره‌کۆڕه‌له ڕۆژنامه‌ی به‌ناوبانگی( تاگ بلات) که‌ڕۆژنامه یه‌کی رۆژانه‌یه‌بڵاوکرابۆوه.

کۆڕه‌که به ئاماده‌بونی ژماره‌یه‌کی به‌رچاو له خه‌ڵک و که‌سایه‌تیه سیاسی و مرۆڤ دۆسته‌کان سه‌رکه‌وتوانه کۆتای هات .

نوێنه رایه تی کۆنگره ی ئازادی عیراق له سویسرا
freiheitskongress@yahoo.de

24.01.2007